# کۆچی ناوادەی چیا کۆچانیی جوانەمەرگ

ئەورەحمان مەلا سەعید زەنگنە

ئەوەی بۆ تەنیا جارێکیش ، کاکەچیای ناسیبێ . نەیدەتوانی خۆشی نەوێ . ئەوەی بۆ تەنیا ساتێکیش ، لەگەڵیدا دوابێ . نەیدەزانی چۆن بە لای زرنگی و ژیری و وشیاری و ئاقڵمەندییەکەی خۆیدا سەرنجت ڕادەکێشێ . ئەی بەرخۆڵە سپیکەڵانە ساواکەی جەژنی قوربانی ( بروسلی ) . ئەی دەنکە گەنمەکەی نێو بەرداشی دوو کلتووری ئاڵۆز و لێک ترازاوی ، لە یەک جودا . هۆ تەمەن پازدە بەهارییەکەی بەهار نەدیو . تۆ بەم ژیانە مەنگە سارد و سڕە پڕ مەینەتی و گۆشەگیرییەی ئەم سەردەمە ، بۆ نەوەی ئەم گێتییە قایل نەبووی . تۆ بە ئیرادەیەکی پتەوی پۆڵایینەوە ، بڕوات بە زیندووبوونەوەی سەردەمێکی تر و پەروەردگارێک هێنابوو ، کە تەنیا لە مێشکی خۆتدا نیگارت لەسەر تابلۆکەی کێشابوو . تۆ لەگەڵ حەوارییەکانی مەسیح و زەردەشت و بووزادا ، بە تەرزە ژیانێک قاییل نەبووی ، مرۆڤ لە کەناریدا ، کۆیلەی حەڵقەلەگوێی ژیانێکی ئەوتۆی ماددی بێ ، لەبەین بچێ . تۆ بە چەشنی ئەولیا و پیاوچاکان ، لە نەزەرگەکەی دەروونی خۆتدا ، بەبێ پیر و مورشید ، زادەی هەوێنی تەریقەتێک بووی ، لەگەڵ ئەو تەمەنە ساوایەی خۆتدا نەدەگونجا ، تۆ هەواداری خۆراکێکی ڕووحیی ئەوتۆ بوویت ، بۆیە بە وێنەی چلەکێشان ، توێشووی ماددیت لە خۆت حەرام کردبوو. تۆ هەمیشە بە تێفکرین و تێڕامان لە خەڵوەتخانەکەی نێو دەروونی شەکەت و ماندووی خۆتدا ، مەشقی وانەی دڵدارییەکی ڕووحیی ئەوتۆت دەکرد ، کەڵە زانا و فەیلەسووفانی دونیا لە ئاستیدا دۆش داماون . تۆ لە قووڵایی ئۆقیانووسەکاندا سەرقاڵ و سەرمەست وحەیران ، وێڵی توێشووی خۆراکێکی گیانیی و وەرزشێکی مەعنەوی و ڕووحییەکی ئەوتۆ بوویت ، دەتەویست تەسبیحێک لە مرواریی گرانبەها ، بۆ نەوەی شەکەت و ماندووی ئەم ڕۆژگارەی لێ بهۆنیتەوە . تۆ خولیای مەشقی نێو دەریای ئەوینێکی بەرینی ئەوتۆ بوویت ، لەگەڵ ئەو هزرە خۆڕسکەی نێو بوخچەکەی دەروونتدا ، چەمکەکانی بە یەک نەدەگەیشتنەوە و لە یەک بۆتەدا نەدەتوانەوە . بۆیە لەم ژیانە مەنگەی ئەم گەردوونەدا ، خۆت بە نامۆ دادەنا ، هەر بۆیە مەرگێکی نامۆشت ، بۆ ماڵئاوایی لە کەس و کار و دۆست و برادەرانی قوتابخانەکەت ، و لە ژیانی خۆتیش بە شایستە بینی . ئادەم و ئێڤا ، خزر و مووسا ، هەر یەک بە جۆرێک تەمەنی خۆیان ، بە گەڕان لە دووی قومێک ئاوی حەیاتی زیندەگانیدا دانا و هەر پێی نەگەیشتن . بەڵام تۆ لە تەمەنە پازدە بەهارییەکەتدا ، پەییت بەو نهێنییە برد و لە جامی ( وسقاهم ربهم ... ) . ئەو قومە ئاوەت نۆش کرد . دیارە سەردەمانێک بوو ، لە زیکری عەشقی دەربڕینە ڕووحییەکانی بووزا و مەسیح و کۆنفۆشیۆس و سیدهارتا و تاوییەکان ئاشنا بوویت ، دەمێک بوو لەو ڕاز و نهێنییە گەیشتبووی کە دەڵێ : (( مرۆڤی خاوەن بڕوا دوو جار لەدایک دەبێ ، لەدایکبوونێکی بەرچاوی مادیی کاتی، و لەدایکبوونێکی ڕووحیی هەمیشەیی )) . بۆیە تۆش بەو لەدایکبوونە ماددییە ، دابین نەبوویت ، و بەو بوێرییە ئەفسانە ئاساتەوە ، تا چرای ژیانی خۆتت نەکردە قوربانی ئەو لەدایکبوونە ڕووحییە ، ئۆقرەت نەگرت . کاکە چیا...هەی پەپوولە ژیکەڵانەکەی نێو گوڵزاری ئیرەم ، هەی مامۆستا ... تۆ لەگەڵ ئەفلاتوون و ئیخوانولسەفا و مەعەڕی و فارابیدا ، نەخشەی کۆمارۆکەیەکی ئەوتۆی میسالیت دەکێشا ، دوور لە ڕق و کینە و چەوسانەوەی مرۆڤ ، دوور لە مەرایی و دووڕوویی و ئیرەییەوە بوو . تۆ بەو بەرائەتە عاقڵمەندانەی خۆتەوە نەخشەی جیهانێکت دەکێشا ، بە هەموو مانا ماددی و مەعنەوی و ڕووحییەکەیەوە ، شایستەی مرۆڤ و نەوەی ئەم سەردەمە بێت ، تۆ بە سۆسەکردن ، لە پارێزی دۆزینەوەی مانایەکی نوێدا بوویت ، بۆ ئایندەی نەوەکانی هاوتەمەنی خۆت ، بەڵام هەر زوو ، بە تیری هزری ناوادە پێکرایت . چونکە تۆ بەو بەرائەتەی خۆتەوە ، وشەی مرۆڤ مانایەکی گەلێ گەورەتر و پیرۆزتری پێت بەخشیبوو ، لەوەی کە ئێستا بە ناوی خودی مرۆڤەوە بازرگانیی پێوە دەکرێ . مرۆڤدۆستییەکەت لەو دیدەگایەوە بوو ، کە خوداوەند مرۆڤی لە پیرۆزیدا بە هاوتای خۆی داناوە . تۆیەک بەو تەمەن خونچەئاسایەی خۆتەوە ، پەییت بەو ڕازە خوداییە بردبێ کە لە سەر زاری بووزاوە دەڵێ : (( مرۆڤی خاوەن بڕوا لەم دونیادا ، هەرچی کەسێکی لە کانگای دڵەوە خۆش بوێ ، لەو دونیاشدا هەر لەگەڵ ئەودا دەبێ و هەر لەگەڵ ئەویشدا حەشر دەکرێت )) . دیارە تۆ گیرۆدە وخولیای نێو دەریای عەشقێکی پیرۆزی ئەوتۆ بوویت ، زۆر لە تەمەن و هزر و بیرکردنەوەکەی خۆت گەورەتر بوون . تۆ لە ژوورەکەی خۆت و لەگەڵ سپیدەی گزنگی بەرەبەیانی هەموو ڕۆژێکدا ، لە بەردەم پەیکەری ئەویندارە پێکراوەکەی خۆتدا ، دەستەودامان ڕادەوەستایت ، و بە تاسەوە هۆگری گەڕانەوەی ( گۆدۆ ) یەک بوویت و ئەو هەر نەهات ، هێز و توانای چاوەڕوانیت بە جارێک سوێی بووەوە ، و ئاوی پێت داهات ، و ئەو هەر نەهات . بۆیە تۆش بە ناچار ، بەرەو لای پەتی ئەو

سێدارەی کە بە دەستی خۆت بۆ خۆتت هەڵواسیبوو ، خاچەکەی خۆتت لە کۆڵ نا ، و بە دووی چارەنووسی خۆتدا ، ملی ڕچە ڕێت ، ڕووەو ئەوینی ئەو جێژوانە گرتە بەر . عەشق سەرمەشقێکی ڕووحیی ئەوتۆیە ، لە هەر دڵێکدا جێگیر بێ ، ئیتر ئەو دڵە بە مۆرکی تایبەتمەندیی ئەو ئاگرەوە هەڵدەقرچێ ، هەر کەسێکیش لافی پێناسەکردنی عەشقی لێدابێت ، واتە لە مانای عەشق تێنەگەیشتووە . هەواڵی ڕاستەقینەی پێناسەکردنی عەشق ، کاکە چیا بۆمانی لێک دایەوە ، چونکوو بنەما و کانزاکانی سەرچەشمەی عەشق ، دەریایەکی بێ بن و بێ پەی و بێ سنوور و بێ کەنارە ، هەموو جۆگە و جۆبارە عەشقێکیش بەرەو لای ئەوەوە ڕێچکە دەبەستن و وەکوو دڵۆپە ئاوێکی شەیدا ، لە نێو سۆمای چاوی ئەودا ، بێ ناونیشان دەتوێنەوە و شوێنگوم دەبن . بڵێسەی گڕی عەشقی کاکەچیای جوانەمەرگ ، لەو دەریا بێ پەیەوە سەرچاوەی بەستبوو . بۆیە وەکوو پەپوولەیەکی ئاسایی ، بە خولانەوەیەکی سادە و ساکار ، لە دەوری ئەو مۆمە داگیرساوەی شەوی یەڵدای ئەم ژینەدا ، قایل نەبوو ، تا خۆی ئاوێتەی نێو بڵێسەی گڕەکەی نەکرد ، ئۆقرەی نەگرت . ئەوین و ئەوینداری ، شەیدایی و خۆشەویستیی ، خولیابوونی سروشت و گوڵزار ، خۆ بەختکردن و گیانبازی لە پێناو خاک و وڵات و زێد و نیشتیمان ، هەستی مرۆڤدۆستی و خۆشەویستیی هەموو دونیا ، بەشێکن لە زەریای ئۆقیانووسی خۆشەویستییەکی فرەوانتر ، کە ئەگەر مرۆڤ بە ناکامی گیرۆدەی بوو ، و لە بەروبوومی نەمامی ئەو درەختە ورشەدارەی چەشت ، وەکوو مەنسووری حەلاج و سەهرەوەردی ، لە بۆتەی ( وەحدەتولوجوودێک ) دا ، تا گیانی خۆی لە پێناودا بەخت نەکات ئۆقرە ناگرێ .

. # پێشکەشە بە گیانی پاکی کاکە

چیا کۆچانیی جوانەمەرگ ، کە لەو تەمەنە ناکامڵە ساوایەیدا ، و لە نێو ماڵەکەی خۆیاندا لە ستۆکهۆڵم ، بە دەستی خۆی ، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا ، و بۆ دایک و باوک و هەموو ئەوانەی لە دوور و نزیکەوە دەیانناسن ، بوو بە مایەی پەژارە و تاسەی خەمێکی قووڵ . سۆلەنتونا _ سوید _ ستۆکهۆڵم **22 - 02 - 2005** . .